
www.kurdistannet.org
23-1-2006 12:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەشتی هەولێر بێشكەی ڕەسەنایەتیە. . . . . ڕزگار ڕەنجەرۆ



مامۆستا عزەدین موستەفا ڕەسوڵ لە یەكێ نووسینەكانی دەستی بۆ ئەوە درێژ كردووە ویستوویەتی بە بنەچەی نهێنیەكانی ئەو ڕەسەنایەتیەی ئاوازەكانی گۆرانی كوردی دەشتی هەولێر ئاشنا بێت وەك زانایەكی لێكۆڵەر كە دەڵێ سەر بە هەر تەكیەو خانەقایەكی ئەو شارەم كردبێ جا لە بۆنە ئاینیەكان بێت یاخود لەخۆشی زەماوەند، یا لە پرسەو سەرەخۆشی ئەو مەلا و شێخانەی كە ئاوازەكانیان دەخوێند ئەوەندە سەرنجیان ڕاكێشاوم زۆر جاران دوا كەس ئەو بۆنانەم جێهێشتووە كەچی لە تەكیە و خانەقاكانی شارەكانی تری كوردستان بە چارەگی ئەوەی هەولێر ڕاینەكێشاوم، مامۆستا عزەدین موستەفا ئەو نهێنیە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە كە ئەو شارە هەر لە دەستپێكی ژیاندا تاكو ئەمرۆ دەنگخۆشی زۆری تیابووە. . . هتد.

ئەو بۆچوونانەی مامۆستا زۆر سەرنجی ڕاكێشام و وای لێكردم كە منیش بەدواداچوونێك بكەم كە من كوڕی ئەو شارە دێرینەم و كەمێكیش سەرم لە ئاواز و گۆرانی كوردی دەردەچێ بەڵكو منیش بتوانم مشتێك بخەمە سەر خەرمانەی ئەو شارە كە ئەمرۆ پایتەختی كوردستانە و لە مێژوودا بە یەكەمین لانكەی مرۆڤایەتی و شارستانیەت ناوبانگی دەركردووە.

ئەگەر ئاوڕێك لە نووسینەكان و توێژینەوەكانی سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی كارل داروین و هێگل و نووسەرەكانی سەدەكانی ڕابردوو بدەینەوە ئەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە كەچەند هەزار ساڵێك لەمەوبەر دەنگی مرۆڤ جگە لە پەیڤین و دوواندنی یەكتری تەنها بۆ مەبەستی بەرگری لە خۆكردن بەكار هاتووە بە لاسایی كردنەوەی بوونەوەرەكانی سەر ڕووی زەمین و دەنگە سروشتیەكانی سروشت بەگشتی وە ئەو مرۆڤەی كە نەشی توانیوە بە دەنگ لاسایی دەنگەكانی سروشت و بوونەوەرەكانی سەر زەوی بكاتەوە ئەوە هەوڵی داوە ئامێرێكی ساكاری سەردەمی خۆی دروست بكات كە ئەمرۆ بە ئامێرەكانی مۆسیقا ناوبانگیان دەركردووە لە جیهانا فراژیبوونێكی زۆریشیان بەسەرداهێناوە، بۆ سەلماندنی ئەو بۆ چوونەم خۆماڵی كردنی ئاژەل و بەخێو كردنی بە یەكێك لە هەنگاوەكانی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی و سەرچاوەیەكی گرینگی بژێوی ژیان و سەرهەڵدانی شارستانیەت دەژمێردرێ، هەموو بوونەوەرێكیش لە ژیانی چۆڵەوانی و تەنیایی و تاریكی و دوور لە ئاوەدانی مەترسی ژیان دایدەگرێت بۆیە ئەو شوانەی دەشتی كاكی بەكاكی هەر تەنها بۆ دڵنیایی و ئاوەدانی پەنا دەباتە بەر دەنگی بە لاسایی كردنەوەی هەندی باڵندەی دەنگ خۆش كە ئاسودەیی بە ئاژەڵەكان بدات كە لە ئاوەدانی دان و دوورن لەمەترسی كەچی كاكەی شوان بێگومان ئەگەر نەیتوانیبێ بەدەنگ ئەو ئاوەدانیە دروست بكات ئەوە پەنای بردۆتە بەر لەتە قامیشێك و فووی تیاكردووە و ئەمرۆ بووە بە سەرچاوەی داهێنانی ئامێرە فوودارەكانی مۆسیقا لەوانە

(شمشاڵ، بلۆێر، نایی، کەرەنایی، دووزەلە، زورنا، باڵەبان، کلارنێت، ئۆبۆ، ترامپێت و سەکسیفۆن. . . هتد) بێگومان لەکاتی تەنگانەو هێرشی هەندی گیانەوەری دڕەندە بۆ سەر ڕان و گاڕانەکەی بۆ ترساندنی ئەو دڕندەیە لە ڕێگای دەنگیەوە لاسایی هەندی دەنگی ترسناکی کردووە وەکو (هاوارکردن، قیژەلێدان، گرمەی هەورو دەنگی بروسکە. . هتد)



ئەگەر نا ئەوە دیسان پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی هەندی ئامێری ساکار وەك (چەپڵە لێدان، بەرد کوتین، دارکوتین، کۆڤ (ئاسن) کوتین*، هەڵبەزین و دابەزین، شەقاندنی وردەبەرد یان وردە ئاسن و بگرە دانەوێڵەش. . هتد) ئەمانە هەمووی بوینە هەوێنی سەرهەڵدانی زۆر ئامێری ڕەزمی (ڕیتم) ی مۆسیقا لەوانە وەك (دەهۆڵ، دەف، زەنج، تەپڵ، زەرب، هەموو ئامێرەکانی ریتم ڕۆژئاوای ئەو سەردەمە. . هتد) ، جا ئەو ئامێرانە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەرەو فراژبوون دا چوون و بوون بە کەلوپەلی بەرگری ژیان تا هەنگاو بەهەنگاو مرۆڤ بەرە شارستانیەت هەنگاوی دەناو بۆ بەرگری لە خۆ کردن کەلوپەلی باشتری دادەهێنا کە ئەمرۆ بە چەك و تفاق ناسراوە و ئەو ئامێرانەی سەرەوە کە ناومان برد کەمتر بەکاری دەهێنا بگرە بوون بە ئامێری خۆشی و زەماوەند کە تا ئەمرۆش بەکاردەهێنرێت وە هەندێ جاریش لەو سەردەمەش وەك چەکی بەرگری هەندێ لەو ئامێرانە بەکارهاتوون بۆ نموونە دوازدە دەهۆڵەکەی (دوازدەسوارەی مەریوان) ، یاخود ڕیزی پێشەوەی پەلاماری لەشکرەکانی سەدەکانی ڕابردوو بە تەپل و دەهۆڵ کوتان دەستی پێدەکرد. ئەو پیاچونەوەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی گۆرانی و مۆسیقاش سەریهەڵداوە و هەنگاو بە هەنگاو لە فراژیبوون دا بووە و هەردەم لە خزمەتی مرۆڤایەتی دابووە.



مەبەستم لەم لێکۆڵینەوە و بەدوا داچوونەی سەرهەڵدانی مۆسیقا و گۆرانی ئەوەیە کە هەندێ لە نهێنیەکانی مۆرکی ئەو ڕەسەنایەتیەی دەشتی هەولێر بسەلمێنم ئەویش گومان لەوە دانیە کە لەمێژوودا دەشتی هەولێر بە بێشکەی شارستانیەت و مرۆڤایەتی دەژمێردرێ زۆر لە مێژوونووسان دەڵێن کە (٥) هەزار ساڵ زیاترە بەبێ پچرانەوە ژیان هەبووە لە هەولێر ئەوە بەگوێرەی ئەو کاتەی کە مێژوو نووسراوەتەوە ئەی چەند هەزار ساڵیش پێش نووسینی مێژوو دەشتی هەولێر ژیانی تیا بووە؟ کەواتە ئەگەر دەیان هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیان بەردەوام بووبێ لەو دەشتی کاکی بەکاکیە بێگومان مۆسیقاو گۆرانیش هەمان تەمەنی هەیە کەواتە ئەوە یەکێکە لە نهێنیەکانی ڕەسەنایەتی مۆسیقا و گۆرانی کوردی و زۆری دەنگخۆشی ئەم ناوچەیە لە لایەکی ترەوە دەشتی پان و بەرینی هەولێر ئەو بوارەی

ڕەخساندووە کە لە ڕێگای کشتوکاڵ و ماڵداری و بەخێوکردنی ماڵات مرۆڤایەتیش لەو ناوچەیە پەرە بسێنێ، وە من وای بۆ دەچم جوتیارەکانی ئەو سەردەمە لە بەرهەم هێنان (شۆبڕین، کێڵان، چاندنی دانەوێڵە، بژارکردن، دروونەکردن، بێستان ڕنین، خەرمان و. . . هتد) زیاتر دەنگیان بەکار هێناوە و کردوویانەتە نەریت و بە درێژایی مێژوو دەنگ هاندەری بەرهەمهێنانیان بووە بۆیە تاکو ئەمڕۆش هەر کارێکی بەرهەمهێنان لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا خاوەن ئاوازێکی تایبەتە، بێگومان بەرهەمهێنان لەدەشتی پان و بەرینی هەولێر ئاسانتر بووە لەوەی لە کێو کۆساران. وە ئاشکرایە کە بەرهەمهێنان سەرچاوەی ژیانە، بۆیە هەموو هەست و سۆز و خۆشەویستی ژیان لە ئاوازەکان و مۆسیقاکان بەدی دەکرێ و ئەمڕۆ ئەو هەست و سۆزەیە پێی دەوترێ مۆرکی ڕەسەنایەتی، جا بەگوێرەی ئەو توێژینەوەیە بێت ئەوا دەشتی هەولێر دەوڵەمەندترین ناوچەیە لە کوردستان لەو ڕەسەنایەتیە چونکە کۆنترین شوێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مرۆڤ کشتوکاڵی تیا کردووە



وێنەیەکی سالی پە نجایەکان لە شاری قەڵاو منارە هەولێری پایتەخت(قادر حەکیمی)

و لە مێژووشدا بە بێشکەی شارستانیەت دەژمێردرێ، جا ئەو دەنگخۆشانەی ئەم ناوچەیە بەرهەمی ئەو شارستانیەتەن لە ژمار نایەن بەتایبەتی ئەوانەی کە سەربازی نەناسراون و نەکەوتونەتە ناو مێژوو کەچی بەرهەمەکانیان تاکو ئێستا ماوە و بە بەرهەمە فۆلکلۆریەکان ناودەبردرێت، ئەگەر ناوی حەیرانبێژ، بەیتبێژ، بەستەبێژ و لاوك بێژەکانی دەشتی هەولێر بخەمە ناو ئەم نووسینە بێ گومان لە سەدان ناو تێپەر دەکات جا هەر تەنها هەندێ هونەرمەند دەکەمە نمونە لەوانە (زریاب، شەڵتاخ و شەهابە هەولێری) ناوی پڕشنگداری مێژووین لە ڕەسەنایەتیدا، تا ئێستاش دەشتی هەولێر بەناوبانگ و سەرقافڵەی دەنگخۆشانە لە کوردستان دەنگی زیاد ئەسعەد و زەکەریا و ئەیاد حوسێن و زۆرانی تریش بەتایبەتی ئەوەی کە زۆر هانیدام دەست بۆ ئەو نووسینە ببەم سۆزی دەنگی هونەرمەندێکی تازەپێگەیشتووی نەناسراوە کەهیچی کەمتر نیە لەزیاد ئەسعەد و ئەوانی تر ئەویش هونەرمەند موحسین عەبدوڵا یە کە لەم زووانە هەندێ بەرهەمی بەسۆزی بڵاودەکرێتەوە، پڕ بە دڵ هیوای ئەوە دەخوازم کە گرینگی بەو دەنگخۆشانە بدرێت تاکو هەولێری پایتەخت هەر سەرقافڵەی ڕەسەنایەتی ئاوازی ڕەسەنی کوردی بێت.